# ناجی سەلیم ئەو کچە هونەرمەندەی خولیای گۆرانی بە هونەری سینەما گرێداوە



لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە حوکمی کاریگەرییان بە سینەمای ئێرانی، دەبینین سینەماکارە ئێرانییەکانیش پێشکەوتنی زۆریان بەخۆیانەوە بینیوە و کاری جوان پێشکەش دەکەن تەنانەت زۆر جار دەرهێنەرە ئێرانییەکانیش سوودیان لێ وەردەگرن، ناجیە سەلیمی لە ساڵی ١٩٨٠ لە گوندێکی بۆکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە، ئەگەرچی بەهرە و حەزی گۆرانیی وتنی هەبوو، بەڵام بە سینەما هاتە نێو بواری هونەرییەوە و دوای کار کردن بۆ ماوەیەکی زۆر لە سینەما، بووە خاوەنی ٩ کورتە فیلم و فیلمێکی درێژ و بەشداریی لە چەندین فیستیڤاڵی سینەماییدا کردووە، ئێستا لە پاڵ سینەمادا خەریکی گۆرانیی وتنە و ژمارەیەك گۆرانی تۆمار کردووە کە لە دوو بەرهەم پێکدێت لە یەك کاتدا و بڕیار وایە بەم نزیکانە بڵاویان بکاتەوە.

ناجی دەربارەی رووکردنە بواری سینەما و ئەو پەیامەی کە دەیەوێ لە رێگەی سینەماوە بێگەیەنێت دەڵێت: من لە منداڵییەوە حەز و خولیای سینەما لە ناخمدا هەبوو، ئەوەی زیاتر هانیدام ئەوە بوو کە خانەوادەکەم رێگرییان لێ نەکردم و بووە هۆی ئەوەی زیاتر خۆم ماندوو بکەم لەو بوارەدا، سەبارەت بە گرنگیی سینەماش ئێستا ئێمە دەبینین لە جیهان سینەما بە یەکێك لە بەرزترین و کاریگەرترین هونەر دادەنرێت، زۆربەی گەلان و وڵاتە پێشکەوتووەکان لە رێگای سینەماوە پەیامی مرۆڤایەتی و سیاسی خۆیان دەگەیەنن و دەیانەوێ سەرنجی جیهان بۆ کێشەیەك رابکێشن، مێژووی ئێمەی کوردیش پڕیەتی لە بابەتی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی کە هەر یەکەیان بابەتێکی سینەمایی سەربەخۆن ئەگەر بتوانین سوودیان لێ ببینین، بەتایبەتی لەرووی کۆمەڵایەتییەوە دەتوانین کێشەکان بخەینە روو لە هەمان کاتدا چارەسەریشیان بۆ بدۆزینەوە.

ناجی هەروەها دەڵێ: بۆ ئەوەی سینەماکارانی کورد زیاتر خۆیان ماندوو بکەن و بناسرێن تێکەڵیی و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ سینەماکارانی بیانی زیاتر و پتەوتر بێت پێویستە زوو زوو یەکتر ببینن، بۆ ئەم مەبەستەش سازدانی فیستیڤاڵی سینەمایی باشترین رێگایە.

دەربارەی جیاوازیی نێوان کورتە فیلم کە ئێستا زۆربەی سینەماکارانی کورد روویان تێکردووە لەگەڵ فیلمی درێژ، ناجی ئەمە بە کارێکی ئاسایی دەزانێت و دەڵێت: بێگومان فیلمی درێژ ئەرك و ماندووبوون و خەرجییەکی زۆری پێویستە ئەمەش رەنگە بۆ بارودۆخی سینەماکاری کوردی تا رادەیەکی زۆر سەخت بێت، هەروەها دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین کە کار کردن لە کورتە فیلم وەك ئەزموونێکی باش دەبێت بۆ سینەماکاران و دوای کار کردن لە چەند فیلمێکی کورتدا ئامادەیی باشیان دەبێت بۆ ئەوەی لە فیلمی بەرزدا کار بکەن، هەرچەندە کورتە فیلمیش کارێکی ئاسان نییە، چونکە دەرهێنەر پێویستە لە ماوەی چەند خولەکێکدا و بە ژمارەیەکی زۆری ئەکتەر پەیامی خۆی بە تەواوی بگەیەنێت و ئەو کێشەیەی کە مەبەستیەتی بخاتە روو و چارەسەریشی بۆ بدۆزێتەوە، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە لە چەند ساڵی رابردوو بواری کورتە فیلم لە کوردستان پێشکەوتنێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە و سینەماکارانی کورد کاری جوانیان پێشکەش کردووە.

ناجی یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە لە سینەماوە رووی لە گۆرانی وتن کردووە و ئێستا خۆی ئامادە دەکات بۆ تۆمار کردن وبڵاوکردنەوەی چەند گۆرانییەك، رەنگە ئەمەش تا رادەیەك ئاسان نەبێت بۆ هونەرمەندێك کە لە سینەماوە روو لە گۆرانی وموزیك بکات و دوور نییە ئەم دوو بوارە کاریگەرییان لەسەر هونەرمەندەکە هەبێت، بەڵام ناجی پێیوایە بۆ ئەو کارێکی زۆر ئاساییە کە لە هەمان کاتدا سینەماکار و گۆرانیبێژیش بێت و دەڵێ: هەر لە منداڵییەوە هەستم دەکرد کە خوای گەورە بەهرەی دەنگخۆشی پێ بەخشیوم، بۆیە وەك حەزێك بوو بۆ من و هەمیشە بەدوای ئەو دەرفەتەدا دەگەڕام کە بتوانم وەك گۆرانیبێژێك خۆم ببینمەوە، لە هەمان کاتدا من وەك سینەماکارێك هاتمە نێو بواری هونەرییەوە، بۆیە بۆ من کارێکی ئاساییە، چونکە زۆر جار گۆرانی و موزیك بە ناسنامەی هەر نەتەوەیەك دادەنرێن وپێی دەناسرێتەوە و گۆرانیی هەر نەتەوەیەك تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام سینەما هونەرێکی جیهانییە و هەرچەندە هەر نەتەوەیەك هەوڵ دەدات مۆرکی خۆی پێوە دیار بێت و بە فیلم گوزارشت لە مێژوو و کەلتووری خۆی بکات، بەڵام لە رووی تەکنیکەوە سینەمای هەموو نەتەوەکان زۆر شتی هاوبەشیان هەیە، بۆیە دەڵێم رەنگە بە پێچەوانە بێت بۆ من و لە جیاتی ئەوەی یەکیان ببێتە رێگر لەبەردەم بوارەکەی دیکە و کاریگەریی سلبییان لەسەر من هەبێت ببێتە هۆکاری ئەوەی من بتوانم پەرە بە تواناکانی خۆم بدەم لە هەردوو بوارەکە و یەکیان ئەویتر تەواو بکات.

دەربارەی بابەت و ناوەڕۆکی کورتە فیلمەکانی، ناجی ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمەڵگای کوردەواری بابەتگەلێکی زۆری تێدایە کە رۆژانە دووبارە دەبنەوە و بابەتێکی گرنگن بۆ سینەما بەتایبەتی لە بواری کۆمەڵایەتییەوە و لەم بارەیەوە دەڵێ: ئەگەر بتوانین سوودی لێ وەربگرین وەك سینەماکار، کۆمەڵگای کوردەواری و مێژووی کوردی پڕە لە بابەتی گرنگ بۆ سینەما بەتایبەتی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و لەوانەش کێشە و ئاریشەکانی ئافرەتی کورد، چونکە تا ئێستا زۆر لە کێشەکانی ئافرەتان پێویستیان بە چارەسەرە، تا ئێستاش ئافرەتی کورد لە هەموو پارچەکان بە پشت بەستن بە دابونەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکان دەکوژرێت یان خۆی دەسووتێنێت ئەمانەش بابەتی گرنگن بۆ ئەوەی لە سینەمادا کاریان لەسەر بکەین و سینەما بکەین بە هۆکارێك بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان تاکو کۆمەڵگا دووربێت لە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی و ئافرەتیش رۆڵی خۆی ببینێت لە پێشکەوتنی کۆمەڵگا نەك بە کێشەیەك دابنرێت لەنێو کۆمەڵگا.

دەربارەی گۆرانییەکانی کە ئێستا خۆی ئامادە دەکات بۆ بڵاوکردنەوەیان دەڵێ: من خەریکی کاری ئەلبوومێکم کە لە شەش تراك پێکهاتووە کە بڕیار وابوو لەسیدییەکدا بەشێوەی ئۆرجیناڵ بڵاوی بکەمەوە، بەڵام بەهۆی چەند گرفتێکەوە کە هاتە رێگام نەمتوانی بەو شێوەیە بڵاوی بکەمەوە، بۆیە بڕیارم دا هەریەکە لە ئاوازەکان بەشێوەی جیاجیا لەگەڵ کلیپە ڤیدیۆییەکان بڵاویان بکەمەوە.

موحسین حوسێن پوور کاری تۆمارکردن و میکس و ماسترینگی بۆ کارەکانی من کردووە و ئاوازو شیعریشی بۆدوو لەبەرهەمەکانی داناوە ئێستا دوو تراکی بەناوەکانی (بێ قەرار ) و(اشیونە) کەیەکێکیان کوردییەو ئەوی تریان فارسییە بەم زوانە بەکلیپەوە بڵاودەبنەوە، و دوو بەرهەمی تریشم بەناوەکانی (دەسماڵێ) و (دەنگی هەناسەکەت) ئێستا ئامادەن بۆبڵاوکردنەوە.

ناجی هەروەها دەربارەی بەرهەمەکەی دەڵێ: ئەو بەرهەمانەی ئاوازی کۆن بوون و تازەکراونەتەوە بەڵام دوو تراکەکەی تری بەناوەکانی ساقیاو خەزان کە لەهۆنراوەو ئاوازی موحسین حوسێن پوورن ئاوازی نوێن، کاری تۆمارکردنی هەموو بەرهەمەکان لەستۆدیۆی هاوار کاریان بۆکراوە و ئەرکی دابەشکردنی کارەکانیش لەسەرشانی هونەرمەندان رەزا میلان و فەرهاد حوسێن پوور بووە.



# لۆهان ٧٥ هەزار دۆلاری ون کرد

لیندسی لۆهانی ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکایی پارچەیەکی قەمسەلەکەی لە یانەیەکی شەوانەی نیویۆرك ون کرد کە نرخەکەی بە ٧٥ هەزار دۆلار دەخەملێندرێت و پێشتریش بەر لە ٦ ساڵ لە هەمان شوێن قەمسەڵەیەکی گرانبەهای ون کرد و ئەو کات راگەیەنرا کە قەمسەڵەکەی دزراوە.

لەم بارەیەوە ماڵپەڕی (تی ئێم زێد)ی ئەمریکی رایگەیاند لۆهان لە یانەی (1Oak)ی شەوانە بوو لە نیویۆرك و قەمسەڵەیەکی لەبەر بوو کە لە دوو پارچە پێکهاتبوو و لە پێستی ئاژەڵ دروستکراوە کە گرانبەهایە و نرخەکەی بە ٧٥ هەزار دۆلار دەخەملێندرێت، لەلایەن خۆیەوە لۆهان رایگەیاند کاتێك لە یانەکە دەرچوو تەنیا یەك پارچەی قەمسەڵەکەی لەگەڵ خۆی بردە دەرەوە و دوای ئەوەی تێبینیی کرد گەڕایەوە بۆ هێنانی پارچەی دووەم، بەڵام کاتێك کە گەڕایەوە پارچە ونبووەکەی نەدۆزییەوە، بۆیە راستەوخۆ تەلەفۆنی بۆ ئەو کەسانە کرد کە لەسەر مێزەکەی دانیشتبوون، بەڵام هەموویان بێ ئاگایی خۆیان لە مەسەلەکە دەربڕی، ماڵپەڕەکە ئەوەشی راگەیاند کە تەنیا کچێك لەسەر مێزەکەی لۆهان دانیشتبوو، شایەنی وتنە ساڵی ٢٠٠٨ لە هەمان یانە لۆهان قەمسەڵەیەکی ون کرد کە نرخەکەی ١٢ هەزار دۆلار بوو و ئەو کات داوایەکی دژی خاوەنی یانەکە بەرز کردەوە و بە دزینی تۆمەتباری کرد.



# بەناوبانگترین ئەکتەری پاکستانی وازی هێنا

کچە ئەکتەر و نمایشکاری جلوبەرگی پاکستانی ڤینا مالك وازهێنانی خۆی لە کاری نواندن و نمایشکاری جلوبەرگ راگەیاند دوای ئەوەی تاریق جەمیلی بانگخواز داوای لێکرد کە وازهێنانی لە کاری نواندن سوودێکی زۆری پێدەگەیەنێت و دەبێتە زیادبوونی رێژەی جەماوەرێتی و خەڵك زیاتر خۆشیان دەوێ.

ڤینا دوای ئەوەی بە یاوەری هاوسەرەکەی سەردانی وڵاتی سعودیای کرد وازهێنانی خۆی راگەیاند و گوتی: ئەم بڕیارەم یەکجارەکییە و ئیتر بە هیچ شێوەیەك کاری نواندن ئەنجام نادات جا لە هیندستان بێت یان لە پاکستان و ئەم هەنگاوەش بووە رەزامەندی هاوسەرەکەی و بە تەواوی پشتگیری خۆی بۆ ئەم بڕیارەی راگەیاند، ڤینا ئەوەشی راگەیاند بڕیاری داوە لەمەودوا تەنیا پاڵپشتی لە بەرنامە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات بە هاوکاری هاوسەرەکەی کە بزنسمانێکی ناوداری پاکستانییە و لە ئیماراتی عەرەبی نیشتەجێیە. لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەك لە هەوادارانی ڤینا خۆشحاڵی خۆیان بەم بڕیارەی دەربڕی و ئەوەی زیاتر خۆشحاڵی کردن ئەوەیە کە بڕیاریداوە بەرنامەی ئایینی و کۆمەڵایەتی پێشکەش بکات و پێیانوایە ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاستی جەماوەرێتی لە هیندستان و پاکستان و وڵاتانی دیکە و دڵنیان لەوەی کە ئەم بەرنامانە کاریگەرییان لەسەر لاوان دەبێت بەتایبەتی ئەوانەی بە لاڕێدا چوون و دەبێتە هەنگاوێك بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر رێگای راست و دروست، چونکە ئێستا ژمارەیەکی زۆری لاوان گیرۆدەی ماددە هۆشبەرەکانن.



# نانسی عەجرەم لە نێو هونەرمەندانی عەرەبدا یەکەمە!!



ئێستا فەیسبوک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە شوێنێکی باش بۆ هەڵسەنگاندن و زانینی ئاستی جەماوەری هونەرمەند و یاریزان و کەسایەتییە ناودارەکان، هەروەها هونەرمەندان نوێترین هەواڵی خۆیان و هەڵوێستیان دەربارەی ڕووداوەکان لە ڕێگای ئەم پەیجانەوە بڵاو دەکەونەوە و زۆر جاریش هەر لە ڕێگای ئەم پەیجانەوە وەڵامی پرسیار و ئەو پروپاگەندانە دەدەنەوە کە ئاراستەیان دەکرێ. هەر لە ڕێگای ئەم پەیجانەوە ئاستی جەماوەرێتییان دەزانرێ، بەم دواییە لە ڕاپرسییەك کە لە نێو هومەرمەندانی عەرەب ئەنجامدرا دەرکەوت کە نانسی عەجرەم لە پێشەوەی هومەرمەندانی عەرەب دێت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك دوای ئەوەی ژمارەی ئەو کەسانەی ئەندامن لە پەیجەکەی ٩ ملیۆن کەسی تێپەڕاند بەمەش ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد لەنێو هونەرمەند و کەسایەتییە عەرەبەکان، پەیجی نانسی عەجرەم بە بنکەیەکی گەورە دادەنرێ بۆ خۆشەویستان و هەواداارانی بۆ زانینی دوایین هەواڵ و چالاکییەکانی و بڵاوکردنەوەی نوێترین وێنە و کلیپەکانی و کاتی ئەنجامدانی کۆنسێرت و ئاهەنگەکانی، تەنانەت زۆر جار خۆی بە گوێرەی کات وەڵامی جەماوەر دەداتەوە و نوێترین زانیارییان پێ ڕادەگەیەنێت.

شایەنی وتنە هومەرمەندانی عەرەب ئێستا گرنگییەکی زۆر بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن و ستافی تایبەتییان بۆ دابین کردووە و کاتێکی زۆری خۆشیان بۆی تەرخان دەکەن و زۆر جار دیمانە و گفتوگۆی هونەری و تایبەت لە ڕێگای ئەم تۆڕانەوە ئەنجام دەدەن.

# کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی

**ئەحمەد سالار**
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

## ماڵە باوان - ٢ -

### ئەو ساتانای ناسڕێنەوە

دەبێ بۆ خوا، کە باسی ئەوە کۆمەڵە کرا، ئاماژە بۆ ئەو هەستپاك و پیرۆزە، یان ئەو گیانە هونەرمەندانییەی بکرێ، کە هەمیشە دابونەریتێکی بەردەوامیان بووە، ئەویش ئەو کردنەوە پێشوازییە گەرم و گوڕە راستگۆیەیە بەرامبەر بەهرە و توانای گەنجاندا.

بەش بە حاڵی خۆم لە یەکەم رۆژی کارکردنمەوە لە کۆمەڵدا، هەستم بەو گیانە هاندەرە جوانە دەکرد و، رۆژێ لە رۆژان سەبارەت بە پرۆژەکانم و هەرگیز وشەی (نابێ و نییەم) لێ نەبیستوون، بەتایبەت لە کاتی خوالێخۆشبوو (کاکە نوری وەشتی) کە سەرۆکی کۆمەڵەکە بوو، هەموو بۆ بەشداریی کۆبوونەوەکانی دەستەی بەڕێوەبردن بانگ دەکران.

سەرەتا بارەگاکەمان لە کۆڵانێکی بەرامبەر(ئەسحابە سپی) دابوو، خانوویەکی گەورەی شێواز کۆنی سلێمانی بوو، حەوشەیەکی گەورەی هەبوو، ماوەیەکیش یانەی وەرزشی لەگەڵماندا هاوبەش بوون.

کە هاوینان دادەهات، رۆژانی پشووی هاوینە سەر لە بەیانیان ژمارەیەك لەو گەنجانە دەهاتن و لەو ژوورەی بۆیان تەرخانکردبووم، مەشقی نواندن و دەنگم دادەدان و عەسرانیش پرۆڤەی شانۆیی، هەر کاتێ بۆ خوێندن دەگەڕامەوە بەغداد، جگە لەوەی بەرهەمم لە نێوان چالاکییەکانی ئەکادیمیدا دەنواند، هەروەها لە دەریشەوە و بەتایبەت لە رادیۆی کوردی بەغداد، هەمیشە بیرم لەلای بەرهەمی نێوی هاوینەم بوو لە کۆمەڵ، هەرچی بەرهەمێ لە سەر شانۆکانی عێراق، بەتایبەتی ئەوانەی لە لایەن تیپی شانۆی هونەریی بەغدادەوە، پیشاندەدرا و بەرهەمەکانی پەیمانگە و ئەکادیمییە، بەو چاوەوە سەیرم دەکرد، کە ئایە بۆ ئێمە دەگونجێ و شیاوی کارکردنە؟

هەروەها خووم بەوەوە گرتبوو، رۆژانی هەینی گەشتێکی بازاڕی (سەرای) بکەم و، لەگەڵ ئەوەدا کە بابۆڵەیەك لە کوبە بەناوبانگەکەیم دەخوارد، ئیتر دەگەڕام بەسەر عەرەبانەی کتێب فرۆشەکانەوە و بەتایبەتی چاوم بۆ کتێبی شانۆیی دەگێڕا، ئەوکات لە قاهیرە زنجیرەیەك بەرهەمی شانۆیی جیهان بەناوی (لە شانۆی جیهانییەوە)، چاپ دەکرا و پێشەکییەکی زانستی زۆر بە نرخی لەلایەن مەزنە زانایەکی شانۆوە بۆ دەنووسرا، بەرگێکی گوێز رەنگی هەبوو، لە سەر عەرەبانە دانەی پەنجا فلس بوو، هەینی نەبوو پێنج شەش دانەی لێ نەکڕم، جارێ لە جاران کتێبێکم بەرچاو کەوت بەناوی (اربع مسرحيات طليعه) واتە حەوت شانۆیی پێشەنگ) کە لە وەرگێڕانی (د. رەشاد روشدی)بوو، کە پاش چەند ساڵێك لە رێگای نامەوە پەیوەندیم لەگەڵیدا پەیداکرد، بە یەکێك لە زانا بەرزەکانی ئەو بوارە دادەنرێ و سەرۆکی پەیمانگەی باڵای نواندن بوو.

١- (موفەتیشی گشتی) نووسینی (نیکۆلای گۆگۆڵ).
٢-(لە ژێر خوڵەمێشەوە، یان ئەوسا مانگ ئاوابوو)ی (جۆن شتاینیك).
٣-کوێرەوەرییەکانی (دکتۆر فارست)ی (کریستۆفر مارلۆ).
٤-شانۆیی (خوازبێنی) نووسینی (ئەنتوان چیخۆف).

ئەو دەمەی کە ئەو کتێبە کۆنەیەم لەسەر عەرەبانە بە پەنجا فلس کڕی نەمدەزانی کە دەبێتە مایەی چوار پرۆژەی هەرە گرنگی ژیانم.


کاتێ بە پەرۆشەوە کەوتمە خوێندنەوەیان، بەر لە هەموان شانۆیی (موفەتیشی گشتی) یەکەی (نیکولای گۆگۆڵ) گەلێك باری سەرنجی راکێشام، چونکە ئەو لایەنانەی تیادابوو، کە بۆ بە کوردی کردن لە هەموویان لە بارتربێ، جگە لەو لایەنە کۆمێدیەی، کە هێندەی دیکە بۆ ئەو دەمەی ئێمە گونجاو بوو، هەر چۆن لە هزرم دا بوو بتوانم لە بری ئەوەی جەماوەر تەرەبکەم، جەماوەر رابکێشم، بۆیە کاری بە کوردی کردن، نەك تەنها وەرگێڕان، بە چاکترم دەزانی و بەتایبەتی کۆمیدی، یان ئەو جۆرە شانۆییانەی ئاشناترن، یان زووتر دەچنە دڵی بینەری کوردەوە، ئەم بەرهەمەی (نیکولای گۆگۆڵ — ١٨٠٩-١٨٥٢)، بە باڵاترین کاری گۆگۆڵ دادەنرێ و لە هەمان کاتدا شاکارێکی پێشەنگی رێبازی ریالیزمی رەخنە ئامێزە ساڵی (١٨٣٦) نووسیویەتی و لە هەمان ساڵدا لەسەر شانۆی شاهانە و بە ئامادەبوونی قەیسەری روسیا نوێندراوە و، خودی قەیسەر لەگەڵ ئەو گشت رەخنە توندوتیژەیدا، گەلێك بە دڵی بووە و بە جوانی هەستی سەرسامبوونی بەرامبەر دەربڕیوە، هەر چەندە لەلایەن نەیارانی (گۆگۆڵ)ە، و بۆ چەندەها جار بۆتە مایەی رکەبەرایەتی و رەخنە گرتنی شکێنەر بەرادەیەك باری (گۆگۆڵ) ئاڵۆز دەکات ناچار سەری خۆی هەڵدەگرێ و هەتا ساڵی (١٨٤٨) ناگەڕێتەوە.

خودی (گۆگۆڵ) سەبارەت بەم شانۆییەی دەڵێ:( مەبەستم بوو هەرچی خەوش و ناتەواوییەکانی روسیایە، ئەوەی زانیومە، هەمووی خڕبکەمەوە، هەرچی جەور و ستەمێك هەبووە و هەرچی نالەبارییەك کە بەر لە گشت شتێ پێویستی بە چاکسازی و چارەسەر هەبووە، گاڵتە بە هەر هەموویان بکەم).

نەك تەنها جارێك بگرە پتر لە چوار پێنج جار خوێندمەوە، کاتێ گەڕامەوە سلێمانی، مامۆستا (رەئوف حەسەن) لە برادەرە خۆشەویستەکانم بوو، هەروەها ئەندامی کۆمەڵە بوو، بەشی وێژە، لەگەڵی دانیشتم و باسمان لێوە کردو، داوام لێ کرد بیکاتە کوردی و شوێنێکی لە ناوچەی سلێمانی بۆ هەڵبژێرێ، مامۆستا داواکەمی بە دڵ بوو، زۆری بە وردی کارەکەی کردبوو، بەڵام ئەوەی پاشان

**ئەو دەمەی کە ئەو کتێبە کۆنەیەم لەسەر عەرەبانە بە پەنجا فلس کڕی نەمدەزانی کە دەبێتە مایەی چوار پرۆژەی هەرە گرنگی ژیانم.**

**دەستمان بە قۆناغی خوێندنەوە کرد ئەوسا کەوتمە کاری دەرهێنانی پراکتیکی، لە کاتێکدا سەرجەم ئەکتەرەکان، لەخۆمەوە تەمەنیان لە تەمەنی کەسایەتییەکان گەلێک گچکەتر بوو، بەڵام توانرا بە جوانترین شێوە بۆمی تۆمار بکات.**



خەمم پێوە خوارد، کە بە دەستی ئەنقەست نەبوو، بەڵکو وا ڕێکەوتبوو، هەندێ لە ناوی ئەو کەسانەی کە درابوو بەناوی کارەکتەرەکان، پێشتر هەبوون و هەندێکیان خزم و دۆستمان بوون.

بەڵام لە رووی هونەری وەرگێڕان و بە کوردی کردنەوە، مامۆستا رەئوف حەسەن بە هەق و هونەری نواندبوو.

پرۆژەکەم پێشکەشکرد، هەر دەست بەجێ کۆمەڵە رەزامەندیی لەسەر دەربڕی، دیاربوو زۆربەی ئەندامانی دەستەی بەڕێوبردن، شانۆییەکەیان لەلا نامۆ نەبوو، چونکە هەمان شانۆیی، بە وەرگێڕاوەیی، ساڵی (١٩٥٤) لەسەر شانۆی ئامادەیی سلێمانی پێشکەشکرابوو.

دەست نیشانی رۆژێکم کرد بۆ بەشداران، بەتایبەت بۆ هەڵبژاردنی ئەکتەری رۆڵی (موفەتیش)، سەبارەت بە کەسایەتیی (قایمقام) داوایان کرد هەر خۆم لە هەمان کاتی دەرهێناندا ئەو کەسایەتییە سەرەکییەش بنوێنم، بۆ نواندنی کەسایەتی (جەنابی موفەتیش) برا ئازیزەکەم کاکە (عەبدولی حەمە جوان) ئامادەیی پیشاندا، برادەرێکی ئازیزیش حەزی دەکرد ئەو، ئەو کەسایەتییە وەربگرێ، بەڵام لە ئاکامدا، من و ئەو بەڕێزانەی لە گەڵمدا بوون، کاك (عەبدول) یان پەسەندکرد، بەڵام ئەوەی هەڵنەبژێرم کە کەوتە رەفتار و گوفتاری بەدەر لە رەوشتی هونەرمەند بەرامبەر هونەرمەندی هەڵبژێراو، ناچارم کردمە دەرێ و زۆر پێ دڵگران بووم.

بۆ رۆژی دوایی دەستمان بە قۆناغی خوێندنەوە کرد ئەوسا کەوتمە کاری دەرهێنانی پراکتیکی، لە کاتێکدا سەرجەم ئەکتەرەکان، لەخۆمەوە تەمەنیان لە تەمەنی کەسایەتییەکان گەلێك گچکەتر بوو، بەڵام توانرا بە جوانترین شێوە بۆمی تۆمار بکات.

ئەم شانۆییە لەسەر شانۆی ئامادەیی سلێمانی کوڕان لە (١٩٧١-٨-١٣) نوێنرا و پاشان برایە شاری بەغداد و لەسەر هۆڵی (فەیسەڵ) کە پاش شۆڕشی (١٤) ی گەلاوێژ ناونرا بە هۆڵی گەل و دادگا بێ سەرو بەرەکەی (مەهداوی)تێدا گێرا، شانۆییەکە لە رۆژی ٢-٩ هەتا ٦-٩-١٩٧١ پێشکەشکرا، ئەم چوونە بەغدادەمان سەر بوردەی خۆی هەیە ئەما سەر بوردەی تاڵ و شیرین، پێکەنین و گریان.